


**Ari Ismael**

I write to simplify things


# چۆن دەبیتە کەسێکی
# High Value


ariismael

ariismael.com

# ڤاڵوی بەرز لە ژیاندا

کەسانی ڤاڵو بەرز لە ژیانی کار و ژیانی کەسیدا هەمیشە باشترین بەدەست دەهێنن. باشترین کار، باشترین مامەڵە، باشترین پەیوەندی...هتد. ڤاڵوی بەرز کۆمەڵێك پەیام دەگەیەنێت بە دەوروبەر لەوانە: متمانە، ئەزموون، بەرپرسیاریەتی. ئەم پەیامەنە ڕەنگدانەوەی کەسایەتین.


**پێکهاتەکانی ڤاڵو**

ڤاڵو = کوالێتی کەسایەتی

متمانە

ئەزموون

بەرپرسیارییەتی



## لە کوێوە دەستپێبکەم؟


هەر یەك لە پێکهاتەکانی ڤاڵو وەکو درەختێك وان، گەشەکردن و بەهێزکردنیان دەوەستێتە سەر گرنگی پێدان و پاراستنیان. تۆ خاوەنی ٣ درەختیت. ژمارەی ئەو کەسانەی لە ژێر سێبەری ئەم درەختانە دەحەسێنەوە = ڤاڵوی جەنابت.

## ڤاڵو دروست دەکرێت

دروست کردنی متمانەی بەهێز، کۆکردنەوەی ئەزموون، وە بەرپرسیارییەتی لە قسە و کردار نیشانەکانی کەسی ڤاڵو بەرزە. ستراتیجی بوون لە هەریەك لەمانە یارمەتیت دەدات لە هەموو شوێن و کاتێك ڤاڵوی کەسیەتیت قسەت بۆبکات.

# متمانە هەموو شتێکە

بەڕێوەبەرێك ئەو کەسە پرۆمۆت دەکات (سەردەخات) کە زۆرترین متمانەی پێیەتی.
کچێك یان کوڕێك هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو کەسەدا دەکات زۆرترین متمانەی پێیەتی.
کڕیارێك بەرهەمی براندێك دەکڕێت کە زۆرترین متمانەی پێیەتی.



**متمانە**

لە مێشکدا،
متمانە = نیشانەی سەلامەتی، دووربوون لە مەترسی ⟵ ئەم کەسە لە ئێمەیە!

متمانە بەهێزتر دەبێت کاتێك
- کەسی بەرامبەر هەست بکات تۆ یەکێکی لە هۆز و گروپی ئەو
- کەسی بەرامبەر هەست بە ئارام بوون بکات لەگەڵت
- کەسی بەرامبەر هەست بکات تۆ هیچ نیەتێکی شاراوەت نیە

پێدانی ئەم هەستانە بە کەسی بەرامبەر دەوەستێتە سەر ڕەفتارو کردار، زمانی جەستە، شێوازی قسەکردن، جل پۆشین...هتد.

## متمانە = لێکچوونی قسەو کردار

لەماڵی خۆشتدا کاتێك چەند جارێك دەڵێیت ئەرکێکی دیاریکراو ئەنجام دەدەیت بەڵام لەبەر سەرقاڵی پشتگوێی دەخەیت ئەوا دوای جارێك یان زیاتر کەسانی دەوروبەرت کەمتر متمانەت پێدەکەن کاتێك جارێکی تر هەمان قسە دەکەیتەوە.

## لەگەڵ هاوڕێکەت


کاتێك دەڵێیت کاتژمێر ٧:٣٠ لە فلان شوێن یەك دەبینین، درەنگ گەیشتن متمانە بریندار دەکات. "ئەحمەد هەمووجارێك کاتێکم پێ دەڵێت بەڵام هەر درەنگ دەگات" = ئەحمەد لەسەر قسەی خۆی نیە ← برینداربوونی متمانە.

## بیر لە نمونەی زیاتر بکەوە

لە ژیانی ڕۆژانەتدا، لەگەڵ هاوڕێ، کەسی ئازیز، یان لە شوێنی کاردا... لیستێك لەو قسە و کردارانە دروست بکە کە یەکیان نەگرتۆتەوە، پاشان لە ڕۆژی دواتر قسەو کردارەکان بخەرە سەر یەك بەلەم (یەکیان بخە).

# ئەنجام لای کەسانی بە ئەزموونە

جەنگاوەرێك لە باخچەیەك سودی زیاترە لە باخچەوانێك لە گۆڕەپانێکی جەنگ. ئەزموون بریتیە لە جیاوازی نێوان بەدەستهێنان و شکستهێنان لە زۆربەی پایەکانی ژیان. هەلی کار دەبەخشرێت بەو کەسانەی ئەزموونیان زیاترە. بەپرسیارییەتی گرنگ لە کۆمپانیایەك دەدرێت بەو کەسانەی ئەزموونیان زیاترە.



**ئەزموون**

ئەزموون تێکەڵەیەکە لە خوێندنەوە، سەرنجدان، کارکردن. هەر یەك لەمانە پێشخەری ئەزموون و شارەزایین لە بوارێك یان زیاتر. ئەگەر ئەزموون ئاگر بێت ئەوا بەردەوامبوون ئەو بەنزینەیە کە ئاگرەکە گەورەتر و بەردەوامتر دەکات.

بۆ ئەوەی ئەقڵیەتی کەسی بەئەزموون بەرجەستە بکەیت ئەوا:

- هەمیشە باوەڕت وابێت کە هەموو شتێك نازانیت
- فێربوون وەکو گەشتێکی بێ کۆتا سەیر بکە
- ئەوەی دەیزانیت بیبەخشە، وە لە بەخشەرانی تر فێرببە

فێربوونی بەردەوامی زانست و زانیاری نوێ لە بواری جیاجیادا پێناسەی کەسی بەئەزموونە. بۆ نمونە کەسێك کۆلێژی پزیشکی خوێندبێت فێری دروست کردنی سۆفتوێر ببێت.

## کاری خۆی دەزانێت


کاتێك پێویستت بە بەرگدوورە، بەدوای کەسی بەئەزموون دەگەڕێیت. کاتێك تەندروستیت تێکدەچێت پرسیار دەکەیت "کێ باشترین دکتۆرە". ببە ئەو کەسە بەئەزموونە کە خەڵك بەبێ دوودڵی پێشنیارت دەکات کاتێك پێویستیان بە کارو ئەزموونی تۆ دەبێت.

## دیوەکەی تری ئەزموون

ئەزموون وادەکات مرۆڤەکان زۆر یان کەم لە خۆبایی ببن. خۆ بە گەورە زانین کێشە نیە، کێشەکە ئەوکاتە دروست دەبێت کە دەوروبەر بە بچووك سەیربکەیت. بۆیە مەهێڵە ئاستی ئەزموونت دووره‌پەرێزت بکات. وا لە دەوروبەر بکە هەستێکی ئەرێنیان هەبێت بەرامبەر بە ئەزموونەکانت. ئەزموونی زۆر = درەختێکی پڕ میوە. درەختێك کەس دەستی پێنەگات بە بێسوود سەیردەکرێت.

# خەمت نەبێت

بەرپرسیارییەتی لە ژیانی کەسی و کاردا چەند کاریگەرییەکی گرنگی هەیە لەسەر ڤاڵوی کەسییەتی. کەسی بەرپرسیاریەتی بەهێز هەڵەکان ناخاتە ئەستۆی دار و بەرد و ترافیك لایت. خۆی دەکاتە خاوەنی هەڵەکانی وە هەمیشە ڕێز لە هەڵەی کەسانی تر دەگرێت، وە بەرپرسیاریەتی نیشانی هەموو کەسێك و گیانلەبەرێك دەدات.



### بەرپرسیارییەتی

بەرپرسیارییەتی لە هەموو شوێنێکی ژیانمان کاریگەری لەسەر خۆمان و دەوروبەرمان هەیە. کەسی ژیر ئاگاداری قسە و ڕەفتار و کردارەکانییەتی بۆ پاراستنی بەرپرسیارییەتی خۆی.

هەر یەك لەم ڕووداوانە تاقیکردنەوەیەکی بەرپرسیارییەتیە

- پیاوێکی بەتەمەن چاوەڕێی پەڕینەوە دەکات
- لە کافێیەك، گارسۆنەکە بەهەڵە خواردنەوەکەی بۆهێنایت
- لە شەقامێکدا بلۆکێك ڕێگای هاتووچۆی گرتبوو

ئەم نمونانە زۆر یان کەم ڕوویان داوە. کاردانەوەی تۆ ڕەنگدانەوەی بەرپرسیارییەتیە. کەسی بەرپرسیار هەمیشە وێنەی خۆی دەپارێزێت بە ئەنجامدانی ئەوەی "ڕاستە" ئەگەر کەسیش نەیبینێت.

## بەرپرسیارییەتی بەهێز = کەسایەتی بەهێز

بەبێ مەرج ببە بە خاوەنی ئەو ئەنجامەی لە سایەی ڕەفتار و کردارتەوە دروست دەبێت. هەرگیز مەهێڵە دەوروبەر هەست بکەن تۆ دەستی خۆت بەوان دەسرییت لەکاتی ڕوودانی هەڵەیەك، تەنانەت بە ناڕاستەوخۆش ئەم کارە مەکە، چونکە دوژمن دروست دەکەیت. بەرپرسیارییەتی نیشان بدە لە قسە و کردار. ئەگەر ڕستەیەك وابکات کەسی بەرامبەر هەست بە ئیهانەکردن بکات واباشترە نەگوترێت.

## شایی نازانێت دەڵێت زەوی تەختە نیە

ئەنجامەکان وەکو خۆیان یان باشتر بگەیەنە، لۆمەکردن = خۆدزینەوە لە بەرپرسیارییەتی. لێی دووربکەوە.

# پوختە: بوون بە کەسێکی ڤاڵو بەرز

لە نمونەکان نیشانماندا ڤاڵو یەکسانە بە کوالیێتی کەسایەتی. کەسی ڤاڵو بەرز خاوەن کەسایەتییەکی تۆکمەیە. ئەو کەسە لە ژیانی کەسی و کاردا هەمیشە باشترینەکان بەدەستدەهێنێت.

متمانە و ئەزموون و بەرپرسیارییەتی گرنگترین پێکهاتەکانی کەسی ڤاڵو بەرزە. هەر یەك لەم پێکهاتانە پێویستی بە هونەر و ستراتیجی دیاریکراو هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجام.

متمانە
پارمەتیت دەدات خەڵك پشتت پێ ببەستێت

ئەزموون
پارمەتیت دەدات لە بەدەستهێنانی ئەنجامێکی دیاریکراو

بەرپرسیارییەتی
پارمەتیت دەدات خەڵك دووبارە و سێ بارە پشتت پێ ببەستێت


کارامەیی، کاریزما، کاریگەربوون، کوالیێتی کەسیەتی... دروست دەبێت کاتێك بە شێوەیەکی ستراتیجیانە کار لەسەر ئەم پێکهاتانە دەکەیت.

**پێکهاتەکانی ڤاڵو**
ڤاڵو = کوالیێتی کەسایەتی

متمانە

ئەزموون

بەرپرسیارییەتی





**Ari Ismael**
I write to simplify things

# چۆن دەبیتە کەسێکی High Value

ariismael
ariismael.com